دوای زیاتر لە 28 ساڵ لە بەروشوێنبوونی دەزرێتەوە.. چیرۆکی گۆنجکی هاپڕین



سیفوڵا حوسێن دانیشتووی شارچکەی سەرچاوە لەسووری ئیدارەی هاپڕین، دوای 28 ساڵ لە دیارنەمانی و بەسەروشوێنبوونی لە ئەفریقا دەزرایەوە، سیفوڵا کە لە ساڵی 1996ـەوە بەسەروشوێن بوو، دوێنێ پێنجشەممە کاتژمێر چوار گەیشتە فڕۆکەخانەی سلێمانی و دواجار گەیایەوە لای خانەوادەکەی و کەسوکارەکەی.

سیفوڵا حوسێن کە دانیشتووی شارچکەی سەرچاوە لە ساڵی 1996 هاپڕینی جێهێشتبوو، لە ساڵانکدا کە پەیوەندی زۆر سنووردار بوو، مۆبایل و هەڵی ئینتەرنێت نەبوو و کاتێک نەیشت نەیتوانی پەیوەندی بەهیچ ئێندامەکی خێزان و هاوڕێکانیەوە بکات و خێزان و کەسوکارەکی بە درێژایی ساڵانی دوای دیارنەمانی، هیچ هەواڵێکیان لەسەر نەبیستووە.

سیفوڵا حوسێن دەڵێت: "لە ماوەی ساڵانی ونبوونی لە چەندین بەندیخانە لە چەند شوێنکی جیاوازی ئەفریقا زیندانی کراوە وەک لە وڵاتانی سەماڵ و کینیا و ئۆگەندا" و سەرەڕای گۆشگیری سەپێنراوە بەسەر سیفوڵا توانیویەتی پێنج جار پەیوەندیی بە هاوڕێکانی بکات لێنەوان ساڵانی 1996 و 2004، کە هاوڕێکانی لە ئەورووپا نیشتەجێ بوون.

لەم دواییانەدا، بەهۆی بەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی پەیوەندییکی تەلەفۆنی لە رێکخراوکەوە پێگەیشت

کە پێی ڕاگەیاندووە، سەیفوڵڵا هەشتا زیندووە و لە زیندانەکانی کینیا دەستبەسەرکراوە.

دواجار دوای 21 ساڵ لە پچڕانی هەواڵی و 28 ساڵ لە بەسەروشوێنبوون، سەیفوڵڵا حوسێن توانی بە یەکەمجار پەیوەندی بە خێزانەکەیەوە بکات و بەیاریدا بگاتەوە کوردستان و لەلایەن خێزان و کەسوکاری دۆستە چوارشەممە 19ـی شوباتی 2025، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی پێشوازی لێکرا و گەیاندیانەوە بە کەسوکاری.

سەیفوڵڵا حوسێن لە لێدوانێکی دەڵێت: ماوەی 21 ساڵە بە سەراخ بووم و لەچێندین وڵاتی ئەفریقا و ساڵێک لە ئیمارات زیندانی کرابووم.

هەروەها دەشڵێت: " لەنێوان ساڵانی 1996 و 2004 پێنج هاوڵێی زۆر خۆشەویستم ئاگادارکردەوە کە من لە گرتووخانەم، بەڵام بە ماڵەوەیان نەگوتووە".

دیارنەمان و بەسەروشوێنبوونی سەیفوڵڵا حوسێن دوای ئەوە دێت کە لە ساڵی 1996 هەواڵی داوە لەگەڵ چێند هاوڵێیەکی کێچ بکات بۆ ئەوروپا بەڵام قەدەر ڕێگەی نەداوە و ماوەی ساڵانێک بوو لە وڵاتانی ئەفریقا زیندانی کرابوو، سەیفوڵڵا حوسێن دوای شادبوونی بە خێزانەکەی دەڵێت: "لەوپەڕی خۆشیدام و وادەزانم تازە لەدایکبووم‌تەوە".

سەیفوڵڵا حوسێن لەبارەی ماوەی لە زیندانەکان لێو هەموو ساڵەدا گوتوویەتی: "خەم سەرقاڵ کرد بە قورئان خوێندن ئێگینا شت دەبووم".